جێمس بۆند دەبێتە سەرۆکی عەشیرەتێکی کورد



بەسەرهاتی عەشیرەتی بروکان، کەئێستا ٥٠٠ هەزار کەسیان لە ١١٠ گوندی دەوروبەری شاری (وان)ی باکووری کوردستان دەژین، دەکرێتە فیلمێکی کوردیی جیهانی.

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی نێت کورد ژیانی عەشیرەتی بروکان کە لەساڵی ١٦٠٩دا بەهۆی شەڕو پەلامارەکانی عوسمانیان لەچیای قەرەچداخی سیوەرەگەوە بەرەو سەرحەدو وان و قەفتاسیا پەرت و بلاوبوون، لەلایەن قاسم گولتەکین دەکرێتە فیلم و لەپاییزدا لەوان، دیاربەکرو دەشتی ئیغدر دەست بەوێنە گرتنی دەکرێ.

قاسم گولتەکین بەماڵپەڕەکەی راگەیاند ١٥٠ ئەکتەر رۆڵی سەرەکی و ٣٥٠٠ کەسیش وەك فیگۆر بەشداری فیلمەکە دەکەن، لەوانەش چەند هونەرمەندێکی نێوداری جیهانی وەك هونەرمەندی ئوسکۆتلەندی Sean Connery کە بەجێمس بۆند ناسراوە. هەروەها گوتی چەند هونەرمەندێکی کوردیش وەك رۆژین و جانێ بەشداری فیلمەکە دەکەن و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ شڤان پەروەریش هەوڵدەدەن.

بەرهەمهێنەری فیلمەکە گوتی ئەوان بودجەیەکی (٥) ملیۆن دۆلاریان بۆ بەرهەمهێنانی فیلمەکە تەرخانکردووە "بەڵام تائێستا لەهەوڵدان داین کەهاوبەشی بیانی بۆ خۆمان پەیدا بکەین، چونکە ئامانجی ئێمە ئەوەیە فیلمەکە لەئاستی نێودەوڵەتیدا دەنگبداتەوە". جێگەی باسە فیلمەکە بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی دەبێت.